# وریای گوناهە بە کەمدانراوەکان بن

لە سەهلی کوڕی سەعدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «وریای گوناهە بە کەمدانراوەکان بن، چونکە نمونەی گوناهە بە کەمدانراوەکان وەکو خەڵکانێکن دابەزینە خوارەوەی دۆڵێك، یەکێکیان لقە دارێکی هێنا، وئەوی تر لقە دارێکی تری هێنا، هەتاوەکو نانەکەیان لێنا، وگوناهە بە کەمدانراوەکان هەرکاتێك خاوەنەکەی بگرێت لەناوی دەبات».
[سەحیح - ڕاست)] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداریداوە سەبارەت بە شلڕەوبوون لە کردنی گوناهە بچووکەکاندا، وزۆر کردنیان بە گشتی دەبنە هۆی تیاچوون، ولێرەدا نمونەیەکی هێنایەوە: خەڵکانێك چوونە نێو دۆڵێکەوە، وهەریەکێکیان چڵە دارێکی بچووکی هێنا، هەتاوەکو نانەکەیان لێنا بەهۆی کۆکردنەوەی ئەو چڵە دارانە، بەهەمان شێوە گوناهە بەکەمدانراوەکان هەرکاتێك سزای خاوەنەکەیان بدرێت وتەوبەیان لێنەکات یان خوای لێی خۆش نەبێت؛ ئەوا تووشی تیاچوونی دەکەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66224